Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C09

# چوونەناویەکی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی (فاتیلا)ی مەهاباد قەرەداغیدا

جەلال ئەنوەر سەعید

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

ڕۆمان، فاتیلا، دراما، ژیاننامەی خودی، گەشت

**Corresponding Author**

Jalal.saeed@su.edu.krd

**پوختە:**

ئاشکرایە کە ئێمە بۆ باسکردن لە هەموو زاراوە و ژانرێکی ئەدەبییدا، دەگەڕێینەوە بۆ بۆچوونەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ کە نزیکەی دوو هەزار و دووسەد ساڵ لە لایەن ڕەخنەگرانی کلاسیکی ئەوروپی وەکو چۆن ڕێز لە کڵێسا و دەستووری دەوڵەت دەگیرا، بە هەمان شێوە ڕێز لەو بۆچوونانەی ئەوان دەگیرا و ئەستەم بوو بتوانرێت لێیان لابدرێت. ئەوان کە ژانرەکانیان بۆ شیعری گۆرانی، دراما (تراژیدیا و کۆمیدیا) و داستان دابەشکردبوو، سنوورێکی پۆلایینیشیان لەنێوانیاندا دروستکردبوو و هەرگیز ڕێگەیان نەدەدا ئەم ژانرانە تێکەڵی یەکتر ببن، چونکە بڕوایان بە پاکژی جۆر هەبوو. بەڵام دوای هاتنەئارای ڕێبازی ڕۆمانسیزم، وردە وردە ئەو سنوورە کاڵبووەوە و چیتر شتێك نەما بە ناوی پاکژی جۆر و هەموو ژانرەکان ئامێزیان بۆ یەکتر کردەوە. بەڵام ڕۆمان لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر زیاتر باوەشی بۆ ژانرەکانی تر کردووەتەوە و لە هەمووشیان زیاتر دەتوانێت چەندین ژانری تر لە خۆبگرێت. ڕۆمانی (فاتیلا)ی مەهاباد قەرەداغیش یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە ئامێزی بۆ چەندین ژانری تری وەکو دراما و ژیاننامە بە هەردوو جۆرەکەیەوە (خودی و بابەتی) کردووەتەوە، سەرباری ئەوەی کە خۆی ڕۆمانێکی مێژووییشە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو ژانرانەی چوونەتە ئامێزی ئەم ڕۆمانەوە و بوونە بە بەردی بناغەی نووسینی ڕۆمانەکە دەستنیشان بکەین و جیایان بکەینەوە.

## پێشەکی:

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبەوە، کەم تا زۆر ژانرەکان سنووری یەکتریان بڕیوە و تێکەڵی یەکتربوونە. واتە هەرگیز دەقێکی ئەدەبی بە تەواوی سەر بەژانرێکی ئەدەبیی نەبووە و پاکژ نەبووە وەکو ئەرستۆ بانگەشەی بۆ کردووە. دراما وێڕای ئەوەی کە هەمووی گفتوگۆ بووە، کەم تا زۆرێك گێڕانەوە و وەسفی تیابووە. داستان لە بنەڕەتدا پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت. بەڵام یاسا و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە لایەن ڕەخنەگرانی دوای خۆیانەوە بوون بە یاساگەلێکی عورفیی و بە هەموو شێوەیەك ئەم تێکەڵاوی و ئاوێتبوونەیان قەدەغەکردووە. هەتا بە پاشەکشەی کلاسیك و هاتنەئارای ڕۆمانسییەت یاساکان نەمان و سنوورەکان کاڵبوونەوە و ژانرەکان وەکو ڕۆڵەی دایك و باوکێك کە لە یەك خوێن بن باوەشیان بۆ یەکتری کردەوە.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (چوونەناویەکی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی (فاتیلا)ی مەهاباد قەرەداغیدا). واتە تەنیا یەك ڕۆمان کەرەستەی کاری توێژینەوەکەیە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەتا ئێستا زۆر کەم لەبارەی دیاردەی چوونەناویەکی ژانرە ئەدەبییەکان لە ژانرێکی تردا کراوە. ئەمەش هەوڵێکی خاکەڕایانەیە و بە هیوایین جێگایەکی زۆر بچووکیش بێت، بگرێت.

## پرسیاری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە تا چەند ڕۆمانی (فاتیلا) دوور لە لەخۆکردن و سەپاندن، توانیویەتی باوەشی خۆی بۆ ژانرەکانی تر بکاتەوە. هەروەها نووسەر تا چەند توانیویەتی ئەم ژانرانە لە پەیوەندییەکی دۆستانەدا بە شێوەیەکی هونەری کۆبکاتەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفیی و شیکاریمان پەیڕەوکردووە کە خۆی لە دەستنیشاکردن و جیاکردنەوەی ژانرە جیاوازەکان و شوێنی چوونەناویەکیان لەگەڵ تردا، دەبینێتەوە. هەروەها بە پێی پێویست نموونەکانمان شیکردووەتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، لە سێ خاڵی سەرەکییدا، تیشکمان خستووەتە سەر زاراوە و پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان و هەروەها چوونەناویەکی ژانرە ئەدەبییەکان لەنێوان ڕەتکردنەوە و پەسەندکردنا.

لە بەشی دووەمیشدا، هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانەمان دەستنیشان کردووە کە لە ڕۆمانی فاتیلادا چوونەتە ناو یەك و پێکەوە بنیاتی هونەریی ڕۆمانەکەیان پێکهێناوە، وەکو (دراما، شیعر، کورتیلە چیرۆك، گەشتنامە، ڕۆژانە یاداشت).

لە کۆتاییشدا، ئەو ئەنجامانەمان خستووەڕوو کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە. دواتر لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی یاداشتکردووە.

## بەشی یەکەم

## زاراوە و پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان

### 1. زاراوەی ژانر:

بەر لە هەر شتێك پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زاراوەی ژانر Genre تەنیا "تایبەت نییە بە بواری شیعرییەت و ئەدەب، بەڵکو وەکو وشەیەکی فەرهەنگیی (معجمي) بە شێوەیەکی گشتی واتای بنەچە دەگەیەنێت. دیارە کە زاراوە لاتینییەکەی بەرانبەریشی Genus, Generis کە خۆی لێیەوە وەرگیراوە، جەخت لەسەر هەمان واتا دەکاتەوە. لە سەردەمی ڕێنیسانسیشدا هەر بە واتای بنەچە و سەرچاوە بەکارهاتووە" (ستالونی، ٢٠١٤، ١٧ – ١٨).

کەواتە، زاراوەی ژانر Genre کە لە زمانی فەرەنسییەوە هاتووەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە، لە وشەی Genus ی لاتینییەوە وەرگیراوە، ئەمیش بە مانای لەدایکبوونی بوونەوەرێکی نوێ دێت کە پێشتر نەبووە. واتە خۆی سەرچاوەی یەکەمە. لە زمانی ئینگلیزییدا چەندین وشەی دیکە هەن بەرامبەر بە وشەی ژانر، وەکو (Kind, Form, Category, Type, Mode, Class)، پێشتریش لە زمانی ئینگلیزییدا Literary Kind بەکارهاتووە کە لە هەموو وشەکانی تر لە وشەی ژانرەوە نزیکترە، بەڵام دواتر و تا ئێستاش Literary Genre جێگای گرتووەتەوە و وەکو زاراوەیەکی فەرمیی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی و ڕەخنەییدا چەسپیوە (الساعدي، ٢٠٠٦، ١٢٥). بەڵام وێڕای ئەمەش، تا ئێستاش لەلای نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەوروپییدا چەندین زاراوە و دەستەواژەی تر بەکاردەهێنرێت، وەکو (پۆلێنکردنی بنەڕەتیی) لە لای ڕینیە ویڵك و ئۆستن وارین، لەلای جیرار جینێتیش زاراوەکانی (جۆر، شێوازی دارشتن، فۆرمیی ئیستاتیکی، ژانری کۆکەرەوە) دەبینرێن. تۆدۆرۆفیش (فۆرمی سروشتی)ی بەکاردێنێت و زیمتۆریش زاراوەی (نەریتی ژێرەوە) بەکاردەهێنێت. هەرچی کارڵ فیتۆرە، زاراوەی یان دەستەواژەی (هەڵوێستی بنەڕەتیی پێکهاتن) بەکاردەهێنێت (القاضي، 1998، 27). لە ڕاستیدا ئەم هەموو زاراوە و دەستەواژەیە نیشانەی پشێوی و شپرزەیی نووسەرانە سەبارەت بە زاراوەی (ژانر) کە هیچ بنەما و پێویستییەك بۆ ئەم دۆخە نییە.

لە زمانی عەرەبیشدا وشەکانی (جنس، نوع، فن، نمط، ضرب، طرز) بەرامبەر بە وشەی ژانر بەکاردێت، بەڵام بەزۆریی هەر وشەی (جنس و نوع) بەکاردێن، هەرچەندە کە (جنس) لە (نوع) گشتگیرتر و فراوانترە، بۆ نموونە: ئاژەڵ – حەیوان (جنس)ە، بەڵام مرۆڤ (نوع)ە.

لە زمانی کوردیشدا، زاراوەی (هونەرەکانی ئەدەب) بەکارهاتووە وەکو لای (شوکریە ڕەسوڵ و هیمداد حوسێن، هەروەها زاراوەی (چەشنە ئەدەبییەکان) لە لایەن هەڤاڵ ئەبوبەکر و حەمە مەنتکەوە بەکارهاتووە. زاراوەی (جۆرە ئەدەبییەکان)یش زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێت. بەڵام ئێستا تا ڕادەیەك هەر زاراوەی (ژانرە ئەدەبییەکان)ی ئینگلیزی جێگای هەموانی گرتووەتەوە و لە نووسیندا زیاتر هەر ئەو بەکاردێت.

### 2. پێناسەی ژانری ئەدەبی:

دیارە کە ژانرە ئەدەبییەکان پێناسەگەلێکی زۆری بۆ کراوە، ئەمەش بە هۆی گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامی چەمکەکەی و، هەروەها ئەو زاراوە زۆرەی کە بوونەتە هۆی زۆری پێناسەکان. لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانییدا بەم شێوەیە پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان کراوە :"جۆرێکە لە کارگەلێکی ئەدەبیی کە لەگەڵ یەکتردا، لە بابەت و شێواز و شێوە و مەبەستدا، هاوبەشن" (الساعدي، ١٩٩٩، ١٢٥). دانەری ئەم پێناسەیە هەوڵێکی زۆری داوە تاکو گرنگترین ئەو ڕەگەزانە کۆبکاتەوە کە بەژانرکردنی ئەدەبیی لەسەر بنیاتنراوە. (ڕینیە ویڵك و ئۆستن وارین)یشەوە، وەك چۆن کڵێسا و زانکۆ و دەوڵەت دامەزراوەیە، بەو شێوەیەش وەکو "(دامەزراوەیەك) لە ژانری ئەدەبی دەڕوانن" (ويلك و وارين، ١٩٧٢، ٢٩٥). بۆیە کاتێك دێنە سەر پێناسەی ژانرە ئەدەبییەکان، دەڵێن :"ژانرە ئەدەبییەکان پرەنسیپێکی ڕێکخراوەییە کە ئەدەب و مێژووی ئەدەب بەپێی کات و شوێن پۆلین ناکات، بەڵکو بەپێی بنیات و ڕێکخستنی جۆرگەلێکی ئەدەبیی پسپۆر یان تایبەتمەند پۆلینی دەکات" (ويلك و وارين، ١٩٧٢، ٢٩٦). هەروەها بەلای (محمد القاضي)یەوە ژانری ئەدەبی "چەمکێکی رووتە و پێگەیەکی تایبەت لەنێوان دەق و ئەدەبدا هەیە، پلەیەکی نێوەندییە دەتوانین لە میانەیدا چەندین دەق پێکەوە گرێبدەین کە چەندین تایبەتمەندی روون لەنێوانیاندا هەبێت" (القاضي، 1982، 27). جەمیل حەمداویش تا ڕادەیەکی زۆر هەر قسەکانی (ویڵك و وارین) دووبارە دەکاتەوە و پێیوایە کە ژانری ئەدەبی :"بنەمایەکی ڕێکخراوەیی و پێوەرێکی پۆلێنکارییە بۆ دەقەکان و دامەزراوەیەکی تیۆریستی جێگیرە لە میانەی پرەنسیپی جێگیریی و گۆڕاندا کار لەسەر ڕێکخستنی دەق و دیاریکردنی بنەماکان و جێگیرکردنی بنیاتی واتایی و هونەری و ئەرکیی دەق دەکات، هەروەها ژانری ئەدەبی ڕۆڵی دەبێت لە پاراستنی جۆر و چاودێریکردنی گۆڕانە ئیستاتیکییەکانی دەق کە لە ئەنجامی لادان و سەرپێچیکردنی جۆرەوە دێنە ئاراوە" (حمداوي، 2015، 19). وەك دەبینین تەواوی پێناسەکان جەخت لەسەر لایەنی زمان و بنیاتی هونەری دەق دەکەنەوە، لەگەڵ ئەو بنەما و سیما و تایبەتمەندییانەی کە چەندین دەق تێیدا هاوبەشن و لە هەمان کاتدا لە دەق و ژانری تری جیا دەکاتەوە.

### 3. چوونەناویەکی ژانرە ئەدەبییەکان لەنێوان ڕەتکردنەوە و پەسەندکردندا:

سەبارەت بە پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان و، هەروەها جیاکردنەوەیان یان تێکەڵکردنیان، دەتوانین دوو قۆناغ جیا بکەینەوە:

أ- **<u>قۆناغی یەکەم؛</u>** لە ئەڕستۆوە دەستپێدەکات و بانگەشە بۆ (پاکژیی ژانرەکان) دەکات. لە کتێبی (هونەری شیعر)دا، ئەڕستۆ ژانرەکان بەم شێوەیە دابەشدەکات:

- شیعری گۆرانی، کە تیایدا تەنیا نووسەر یان شاعیر قسە دەکات.
- دراما (تراجیدیا و کۆمیدیا)، کە تیایدا تەنیا کارەکتەرەکان قسە دەکەن.

- داستان، کە تیایدا نووسەر و کارەکتەریش قسە دەکەن (ویلك و وارین، ١٩٧٢، ٢٩٧).

وەك لەم دابەشکارییەدا دەردەکەوێت ئەرستۆ ڕێگە بە تێکەڵکردن و چوونەناوەیەکی ژانرەکان نادات. بۆچوونەکانی ئەرستۆ لە کەلەپووری ڕۆژئاوادا، بوون بە سەرچاوە و سروشی (ئیلهام)ی ڕاستەقینە بۆ ڕەخنەگرە کلاسیکەکان، بگرە بوو بە بنەمایەکی سەرەکیی تاکو بۆچوونەکانی خۆیان لەسەری بنیات بنێن. کلاسیکەکان بە جێگیرییەکی بێ کۆتاییەوە ڕەفتاریان لەگەڵ ژانرە ئەدەبییەکاندا دەکرد و بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی دەقاودەقیی (حرفی) پراکتیزە دەکرد. ئەوان قەبوڵیان نەبوو کە ژانرە ئەدەبییەکان تێکەڵبکرێن و بەلایانەوە پەسەند نەبوو کە کارێکی تراجیدیی چەند دیمەنێکی کۆمیدیی لەخۆبگرێت و بە پێچەوانەشەوە (سالم و السعیدي، ٢٠٠٦، ١٣٥). ئەم جیاکردنەوەیەش لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی چینایەتیی بووە، وەك چۆن لە بواری کۆمەڵایەتییدا ڕێگە نەدراوە بە تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازی لەنێوان چینە جیاوازەکاندا (چینی سەرەوە و خوارەوە) بکرێت، بە هەمان شێوە ژانرەکانیان لە یەکتری جیاکردووتەوە و پۆلێنیانکردووە: داستان و تراجیدیا باس لە کێشەکانی پاشا و خانەدانەکان دەکات. کۆمیدیاش باس لە کێشەکانی چینی ناوەڕاست دەکات. هەرچی خەڵکی عەوام و خەڵکە ڕەشۆکەکەیە، ئەوا لە ڕێگای داشۆرین و کۆمیدیای ناوچەییەوە (عامی) کێشەکانی ژیانیان دەخرێنەڕوو (ویلك و وارین، ١٩٧٢، ٢٩٧). بەم شێوەیە بە لای کلاسیکەکانەوە دەستنیشانکردنی ژانری ئەدەبیی بۆ هەر دەقێکی ئەدەبیی لە ئەرکە گرنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبییە.

ب- **قۆناغی دووەم؛** ئەم قۆناغە بە هاتنەئارای ڕۆمانسییەت و پاشەکشە و وەلانانی بۆچوونەکانی ئەرستۆ دەستپێدەکات کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت. ڕۆمانسییەکان لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی (شلیگل)دا کە پێیوایە دابەشکردنی ئەدەب بۆ ژانرەکان جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردن و پێویستە ئەدەب نەچێتە ژێر ئەو بارەوە؛ داوای تێکشکان و لەناوبردنی سنوورەکانی نێوان ژانرە ئەدەبییەکانیان دەکرد. فەیلەسووفی ئیتاڵیی (بێندیتۆ کرۆتشە) ساڵی (١٩٠٢) کتێبی (شیعریبەت)ی بڵاوکردەوە و تیایدا دابەشکردنی ئەدەبی بۆ ژانری سەربەخۆ ڕەتکردەوە. کرۆتشە وەکو دەربڕین و گوزارشتێکی دەروونیی یان هەستیی لە ئەدەب دەڕوانێت و لە هەمان کاتیشدا پێیوایە کە ئەدەب دیاردەیەکی زمانییە. بە واتایەکی دیکە، ئەوە هەڵوێستە شعورییەکانە کە ژانری دەقەکە دەستنیشان دەکەن. هەروەها بەلای کرۆتشەوە ئەدەب بریتییە لە کۆمەڵێك قەسیدەی سەربەخۆ و شانۆنامە و ڕۆمان کە هەموویان لە یەك ناودا هاوبەشن (سالم و السعیدي، ٢٠٠٦، ١٣٦). (د. جۆنسون)یش پێیوایە کە :"ناکرێت یاسا بۆ ژانرێکی ئەدەبیی دابنرێت لەبەر ناوەڕۆك و کرۆکەکەی، لە کاتێکدا نووسەرێکی بلیمەت نوێگەریی لە کارێکی ئەدەبییدا دەکات و هەموو ئەو یاسایانە تێکدەشکێنێ کە ئەوانەی پێش خۆیان دایانناوە" (الساعدي، ١٩٩٩، ١٣٣). هەر بۆیە زۆرێك لە ڕەخنەگران دەستیان لە پێناسەکردنی ژانرە ئەدەبییەکان و پۆلێنکردنیان هەڵگرت، وەکو ڕەخنەگری ئەمریکیی (ڕینیە ویلك) لە کتێبی (چەمکگەلێکی ڕەخنەیی 1970) و (سپینکارن)یش کە پێیانوایە باشترە هەر کارێکی ئەدەبیی جیا لە ژانرەکەی سەیربکرێت.

وێڕای جیاکردنەوەی ئەو دوو قۆناغەی سەرەوە کە پەرەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکان پیشاندەدەن، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان هەر لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە لە ئەدەبی هەموو میللەتانی دنیا، بە جۆرێك لە جۆرەکان باوەشیان بۆ یەکتری کردووەتەوە و تێکەڵی یەکتر بوونە. بۆ نموونە، داستان لە ئەدەبی یۆنانییدا، زۆر بە قووڵیی و بە ڕوونیی باوەشی بۆ ژانرەکانی تری وەکو شیعر و چیرۆك و ڕۆمان کردووەتەوە، ئەمەش لە داستانی (ئەلیازە و ئۆدیسا)ی هۆمیرۆس بەرچاو دەکەوێت. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، چوونەناوەیەکی ژانرە ئەدەبییەکان بە شێوازی جیاواز لە دەق ئەدەبییدا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

1. **هۆکاری بابەتیی**: کە خۆی لە میکانیزمەکانی سەردەم و ڕێگاکانی پەیوەندیکردن و تەکنۆلۆجیا و بەژمارەکردن دەبینێتەوە کە ڕۆڵیان لە شێوەگرتنی دەقدا هەیە، جا چ لەسەر کاغەز بێت یان دەق ئەلکترۆنیی بێت (فوغالي، 2009، 171).
2. **هۆکاری خودیی**: دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی سەرەکی خودی داهێنەر، کە خاوەنی خوێندنەوەی فرە لایەن و سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەمەڕەنگە، چونکە بەهرە و سەلیقەی ئەدەبی و هونەری لەلای مرۆڤ شتێکی تایبەتە بە خۆی، هەرچی شێوە یان ژانری ئەدەبی و هونەرییە کە داهێنەر هەڵیدەبژێرێت، ئەوا لایەنی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و مێژوویەوە کاریگەریی خۆیان لەسەری جێدەهێڵن، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییانەی هاوشێوەی یەکترن لە شوێنگەل و زەمانگەلی تایبەتدا باون و بڵاوبوونەتەوە، وەکو نیگارکێشی و پەیکەرتاشیی و مۆسیقا لە سەردەمی دەسەڵاتی کەنیسەدا لە ئەوروپا، لە لای عەرەبیش شیعر لە سەردەمی جاهیلیی و خۆشنووسیی و ئەرابیسك (زەخرەفەی عەرەبی) لە سەردەمی ئیسلامدا (العشماوي، 1994، کما ورد في غوادرة، 2009، ص 76). لە لایەکی تریشەوە هەندێك داهێنەر دەتوانن لە یەك کاتدا لە چەندین ژانری ئەدەبی و هونەریدا داهێنان بکەن، وەکو فەرهاد پیرباڵ کە سەرباری نووسینی تیۆری و ڕەخنەیی، شیعر و چیرۆك و ڕۆمان دەنووسێت و خۆیشی لە بواری وێنەکێشان و مۆسیقاشدا تاقیکردووەتەوە. چەندین نووسەری تریشمان هەن کە لە چەندین ژانردا داهێنانیان کردووە؛ شێخ نوری شێخ ساڵح، ئیبراهیم ئەحمەد، دیلانی شاعیر، حوسێن عارف، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی شیعر و ڕۆمان و شانۆگەری دەنووسێت، هیوا قادر شاعیر و ڕۆماننووسە، کاروان کاکە سوور چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە، مەهاباد قەرەداغی کە ڕۆمانەکەی کەرەستەی باسەکەمانە، شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە. جا لەبەر ئەم نزیکییەی نێوان ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان، ژانرێکی ئەدەبیی یان هونەریی دادەهێنرێت کە تێکەڵە بێت لە دوو ژانر یان زیاتر، ئەم ژانرە ئەدەبییە نوێیەش پێویستی بە لێهاتوویی و توانای مەعریفییە تاکو نهێنیی و جوانییەکانی دەربخات و لە هەمان کاتدا خوێندنەوە و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنیشی پێویستی بە چڕبوونەوە و کۆبوونەوەی توخمەکانی درککردن و مەعریفە و جوانیناسییە (قدید، ٢٠٠٩، ٣٩١).

لە هەموو ئەو قسانەی سەرەوەدا، دەگەین بەوەی کە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی ژانرەکان و سنوور دانان لەنێوانیاندا، نەك هەر سوودی نییە، بەڵکو شیعرییەتی ژانرەکە پەکدەخات و بوار نادات کە دیدێکی هونەریی نوێ پێشکەشبکات.

## بەشی دووەم

## چوونەناوەیەکی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی فاتیلادا

ڕۆمانی فاتیلا، سێیەمین ڕۆمانی مەهاباد قەرەداغییە و ساڵی (٢٠١٦) بڵاوکراوەتەوە. ڕۆمانێکی دەوڵەمەندە؛ چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و چ لە ڕووی ژمارەی ئەو ژانرە ئەدەبییانەی کە لەخۆی گرتوون. ڕۆمانێکی مێژووییە و تیایدا نووسەر لە ڕێگەی خستنەڕووی ژیاننامەی تایبەتی و یادەوەری هەندێك لە

هاورێکانی و ناسینێکی خێرا و سەرپێیانەی خۆیەوە، ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری شەهید (دکتۆر ئاتیلا)ی تێکۆشەرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن بە هۆی عەشقی (فاتم)ەوە، لە گەنجێکی سەرەڕۆوە هەموو ژیانی دەگۆڕێت و پشت لە خواردنی حەب و خواردنەوەی مەی و جگەرەکێشان دەکات و ڕوو لە دەرگای خوا دەکات، بەو هیوای عەشقەکەیان بە ئاکام بگات، بەڵام خوا وەڵامی ناداتەوە و دیداریان هەڵدەگرێت بۆ قیامەت. چونکە (فاتم) لەگەڵ تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دەکەونە بەر شاڵاوی ئەنفالی بەدناوەوە و دکتۆر ئاتیلاش لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) لە بناری باوە شاسوار شەهید دەبێت. واتە ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە لە دوو بابەتی سەرەکیی پێکدێت؛ بابەتێکی ئینسانیی گەورە کە عەشق و خۆشەویستییە و، بابەتێکی سیاسیی کە لە کارەساتی ئەنفالدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمیش لە ڕاستییدا کارەساتێکی ئینسانیی گەورەیە، بەڵام مرۆڤایەتیی لەو سەردەمەدا، لە ئاست ئەو کارەساتە، لەبەر کۆمەڵێك بەرژەوەندی سیاسیی نە هیچیان بینی و نە هیچیان بیست. بە واتایەکی تر، نە ویستیان هیچ ببینن و نە هیچ ببیستن.

فاتیلا، وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕۆمانێکی مێژووییە. هەروەها ڕۆمانێکی ژیاننامەی بابەتییشە، چونکە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە گێڕانەوەی ژیاننامەی شەهید دکتۆر ئاتیلا. نووسەر بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە پشتی بە ژیاننامەی تایبەتی دکتۆر ئاتیلا بەستووە و لەگەڵ گێڕانەوەکەی خۆیدا ئەم ژیاننامە تایبەتییەی کردووە بە ژیاننامەیەکی بابەتیی. دیارە لە بنەڕەتدا نووسینی ئەم ڕۆمانە لەسەر داوای دکتۆر ئاتیلا خۆی بووە کە دواهەمین داوای بوو لە نووسەر و دوای چەند کاتژمێرێك ئیتر شەهید دەبێت. ئامانجیش لەم داوایەی ئاتیلا ئەوەبووە کە چیرۆکی عەشقی خۆی و فاتم کە شاڵاوی ئەنفال بۆ هەتا هەتایە لێکی دابڕین، بۆ هەمیشە بە نەمریی بمێنێتەوە. بەڵام ئەم ژیاننامە تایبەتییەی دکتۆر ئاتیلا تەنیا لە ڕۆژی لە دایکبوونی خۆیەوە هەتا پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەروبەندی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی لەخۆگرتووە. بۆیە نووسەر بۆ تەواوکردنی هەموو ڕووداوەکان ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر هاوڕێ پێشمەرگەکانی و هەندێ لە خزمەکانی تاکو بتوانێت تەواوی ڕووداوەکانی ژیانی بە ئاوێتەکردنی خەیاڵی ئەدەبییانەی خۆی، بنووسێتەوە.

ڕۆمانی فاتیلاش وەکو هەر ڕۆمانێکی تر لەبەر فراوانیی فەزاکەیدا باوەشی بۆ چەند ژانرێکی ئەدەبیی تر کردووەتەوە، لەوانە شیعر، گەشتنامە، ڕۆژانە یاداشت، دراما. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بە نموونەوە چۆنیەتی چوونەناویەکی ئەم ژانرانە لەگەڵ ڕۆمانەکەدا ڕوونده‌کەینەوە.

**1. چوونانەیەك لەگەڵ درامادا:**

هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە، ڕۆمان لەگەڵ درامادا ئاوێتە بووە. ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکی گفتوگۆوە، کە سیما و بنەمای سەرەکیی هونەری درامایە. بەڵام جیاوازی گرنگی نێوان ڕۆمان دراما لە ڕووی بنیاتەوە، ئەوەیە کە دراما هەمووی گفتوگۆیە و زۆر دەگمەن نەبێت گێڕانەوەی تێدا نییە. هەرچی ڕۆمانە گێڕانەوە و گفتوگۆ و وەسفیشی تێدایە. هەڵبەت لە حیکایەتی کۆن و فۆلکلۆریشدا گفتوگۆ هەیە، بەڵام هەموو گفتوگۆکانی ناو حیکایەتی فۆلکلۆری لە ڕێگای گێڕەرەوەوە دەگوازرێنەوە، واتە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆن. بەڵام لە درامادا، هەموو گفتوگۆکان ڕاستەوخۆن و کارەکتەرەکان خۆیان دەدوێن و گوزارشت لە خۆیان دەکەن. واتە هەموو دیمەنەکان دیمەنی نموونەیین و زۆر بە دەگمەن نووسەر لە ڕێگای وەسفێکی کورتەوە بۆ دۆخی کارەکتەرەکان، دەستوەردانێکی زۆر کەم دەکات. – ئەگەرچی لە درامای کۆندا، چ تراجیدیا و چ کۆمیدیاش، گفتوگۆی کارەکتەرەکان کۆمەڵێك بۆچوونی شاعیر بوون و زیاتر گوزارشتی لە دیدگایەکی باوی کۆمەڵ دەکرد تاوەکو خودی کارەکەرەکە خۆی – (قسومة، 2009، 19).

کەواتە، گفتوگۆ لە ڕۆمانیشدا تەکنیکێکی گرنگ و سەرەکییە و کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ دەبینێت. وەکو لەنابردنی ساردیی و بێزاری گێڕانەوە و بەخشینی پشوویەك بە گێڕەرەوە و خوێنەریش، چونکە نابێت زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە ڕێگەی گێڕەرەوە پێشکەشبکرێت. لەم سۆنگەیەوە ڕۆماننووس پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە تەواوی یان زۆربەی ڕۆمانەکەی بە گفتوگۆ بنیاتبنێت (مقلد، 1975، 10)، چونکە بەم شێوەیە دەقەکە زیاتر لە دراما و شانۆ نزیك دەبێتەوە تاوەکو ڕۆمان و تایبەتمەندیی ڕۆمان لەدەستدەدات. واتە پێویستە ڕۆماننووس، هاوسەنگییەك لەنێوان گێڕانەوە و گفتوگۆدا ڕابگرێت (بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئەرك و ڕۆڵی گفتگۆ لە ڕۆماندا، بڕوانە: سەعید، ٢٠١٣، ٢٢ - ٢٦).

نووسەری ڕۆمانی فاتیلاش بە ڕادەیەکی باش هاوسەنگی نێوان گێرانەوە و گفتوگۆی ڕاگرتووە و بە پێی توانا و پێویست لە کات و شوێنی خۆیدا کارەکتەرەکان و خۆیشی وەکو نووسەر هێناوەتە قسە و دیمەنێکی درامیی بنیاتناوە. واتە وەکو گێڕەرەوە کشاوەتە دواوە و کارەکتەرەکان خۆیان گوزراشت لە خۆیان دەکەن.

نووسەر لە سەرەتای ڕۆمانەکە، ئاماژە بە سەردانەکانی ئاتیلا دەکات بۆ لای خۆی و داوای لێ دەکات کە شیعرێکی بۆ بنووسێت هەموو چیرۆك و بەسەرهاتی عەشقی خۆی و فاتم لەخۆبگرێت. لە وەڵامدا ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا دروستدەبێت:

- **بەسەر هەردوو چاوم دکتۆر، شیعرێکت بۆ دەنووسم بە دڵی خۆت بێت.**
- **بەڵێن بێت؟**
- **بەڵێن بێت، بەڵام بۆ ئەوەی تەواو بەرجەستە شیعرەکە بە باڵای خەمی دڵی تۆ بکات، پێویستە تەواوی چیرۆکەکەتم بە دەمی خۆت بۆ باس بکەیت. دەمەوێ لە خۆتەوە ببیستم چیت بەسەر هاتووە. من زۆر شتم بیستووە سەبارەت بە چیرۆکی عەشقەکەت، بەڵام هێندە بەس نییە، دەمەوێت بەدەم باسکردنییەوە، من پرسیارت لێ بکەم و تۆش وەڵامم بدەیتەوە.** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٤)

دوای ئەم قسەیە، مەهاباد خۆی وەکو گێڕەرەوە دێتەوە ناوەوە و کاریگەری قسەکەی خۆی لەسەر ئاتیلا باس دەکات بە ڕادەیەك پەشیمان بووەتەوە لە قسەکەی، چونکە بریی ئاتیلا دەکولێتەوە و چەند دڵۆپێك فرمێسك بە چاوەکانی ئاتیلادا دێنە خوارەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاتیلا فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە وەڵامی دەداتەوە:

- **بێگومان بۆتی باس دەکەم. وا هەست دەکەم تۆ جیاواز لە هەر کەسێکی تر لە ناخی من تێدەگەیت. بەڵام ئەم جارە ناتوانم، ڕۆژێکی تر دێمەوە و بۆت باس دەکەم، بەڵام با ئامانەت بێت لە لات و بیپارێزە.**
- **مەبەستت چییە بیپارێزم، واتە نهێنییە و بۆ کەسی باس نەکەم؟**
- **بە پێچەوانەوە، بۆ هەمووکەسێکی باس بکە!**
- **کەواتە ناوی فاتیمە بوو!**

- **ئا، ئاخ، بەڵێ، بانگیان دەکرد فاتم، هێندە تێکەڵ بە ڕۆحم بوو هەمیشە دەمگوت تۆ فاتم و من ئاتیلا، گەر ناوەکەمان تێکەڵ بکەین دەبین بە فاتیلا.**
- **"فاتیلا"! زۆر ناوێکی جوانە!** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٤ – ١٥)

لەم نموونەیەدا، دەستوەردانێکی کەم هەیە لەلایەنی نووسەرەوە، بەڵام کە دێنە گفتوگۆ وەکو دیمەنێکی درامیی و بەبێ هیچ گێڕانەوە و وەسفێك قسەکانی خۆیان دەکەن و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ناخ و دیدی خۆیان دەکەن. ئەوەی جێی سەرنج و باسە، کە ئەو دانیشتن و پرسیارکردنە هەرگیز ڕوونادات تا مەهابادی نووسەر لەبارەی عەشقەکەیەوە پرسیاری لێ بکات. چونکە ئاتیلا تەنانەت فریا ناکەوێت شیعرەکەش ببینێت و بخوێنێتەوە و لە هێرشێکی سوپاس بەعس بۆ سەر شاری کفری شەهید دەبێت. بەمەش بە برِوای ئێمە کەلێن و بۆشاییەکی زۆر لە ڕووداوەکان دروستبووە، کە دەکرا لە زاری خۆیەوە وەربگیرایە.

لە نموونەیەکی دیکەدا، کاتێك ئاتیلا بە هۆی عەشقی فاتمەوە تۆبەی کردووە ڕووی لە دەرگای خوا کردووە، ڕۆژێك دەچێتە تەکیە و لەگەڵ شێخی باوکی فاتم دەکەوێتە گفتوگۆ و زیاتریش بە مەبەست باسەکە بەلای ژن بە ژن و مارەیی و شیربایی لە شەرعدا دەبات و پرسیاری ئەوە لە شێخ دەکات کە ئایا ئێوە وەکو شێخ چۆن کچ بە شوو دەدەن؟ ئیتر لێرەوە و گێڕەرەوە بە تەواوی پاشەکشە دەکات و بوار بە ئاتیلا و شێخ دەدات کە خۆیان بە ئازادی قسەبکەن:

- **با عەرزت بکەم، ئێمە وەك مسکێنەکان ژن بە ژن ناکەین و باوکە گەورەمان لێی قەدەغە کردوین ژن بە ژن بکەین. کچ ئەبێ ڕەزامەندی لەسەر ئەوکەسە بێت کە شووی پێ ئەکات. ئێمەی شێخ کچ بە زۆر نادەین بە شوو.**
- **یا شێخ ئەمانەی تۆ ئەیڵێی هەموویان فەرموودەی پێغەمبەرن دروودی خوای لەسەر بێت، لەوانەیە باوکە گەورەشتان هەر مەبەستی قسەکەی پێغەمبەر بێ وکە گوتوویەتی ژن بە ژن مەکەن.**
- **ڕۆحم بە قوربانی پێغەمبەر بێت، ئاخر پێغەمبەر باوکە گەورەی ئێمەیە.**
- **ئەی شێخ ئێوە بە هەموو کەسێ ژن دەدەن، بۆ نموونە هەر کەسێ کە ئیماندار و ڕاستگۆ و خزمەتگوزار بێت و حەزی لە چاکە بێت و ڕقی لە خراپە بێت؟**
- **ئەگەر شێخ بێت بەڵێ دەیدەین، بەڵام ئەگەر مسکێن بێت نابێت و نایدەین.**
- **یاشێخ بۆچی جیاوازی دەکەن و ئەی خوا مرۆڤی بە یەکسانی دروست نەکردووە؟**
- **ئەوە جیایە و ئەمە جیایە.**
- **یاشێخ ئەوەی پەیرەوی شەریعەتی خوای گەورە نەکات بە چی دەژمێردرێت؟**
- **بە کافر.** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٠١ – ١٠٢)

لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆ درامییەوە کە گێڕەرەوە بچووکترین و کەمترین دەستوەردانی لە گفتوگۆکان نەکردووە، نووسەر هەر لە زاری کارەکتەرەکان خۆیانەوە دنیابینیانی خستووەتەڕوو. بە تایبەتییش دیدی پڕ لە چەواشەکارانەی شێخ کە خۆیان بە نەوەی پێغەمبەر دەزانن و هەمیش بە چاوێکی کەمتر لە خەڵکی دەڕوانن.

**2. چوونانەیەك لەگەڵ شیعردا:**

ئاتیلا، سەرەتا کە ژیاننامە تایبەتییەکەی خۆی دەدات بە مەهاباد قەرەداغی، داوای ئەوەی لێ دەکات کە شیعرێکی بۆ بنووسێت گوزارشت لە عەشقی خۆی و فاتم بکات و مەهابادیش ئەو داوایەی بۆ جێبەجێدەکات و شیعرەکەی بۆ دەنووسێت. بەڵام ئاتێلا هەرگیز ئەو شیعرە نابینێت چونکە ئەو ڕۆژەی ڕژێم هێرشدەکاتە سەر شاری کفری، ئاتیلا بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە مەهاباد و داوای شیعرەکەی لێ دەکات، بەڵام مەهاباد دەڵێ هێشتا پیاچوونەوە و پاکنووسکردنی دەوێ و بە زووترین کات تەواوی دەکەم. ئەویش بە پەلە دەڕوات و بە مەهاباد دەڵێت **:"حەیاتم شیعرەکە بکە بە چیرۆك، بە ڕۆمان، بە داستان، من دەبێ بڕۆم چاوەڕێمن. ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت لەوانەیە بۆردومانێکی خەستی شارەکە بکەن. باشترە لە شار بچنە دەرەوە. باشە؟! بڕۆن ها!"** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ٢٢). ئەمە دوا دیداری ئاتیلا و مەهابادە و ئەو ڕۆژە شەهید دەبێت. بۆیە دواتر مەهاباد لە دوای بیست و پێنج ساڵ داواکەی بەجێ دەگەیەنێت و سەرباری ئەو شیعرەی کە بۆی نووسیوە، ئەم ڕۆمانەش دەنووسێت. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرە ئەو شیعرەیە کە کاتی خۆی بۆی نووسیوە و فریا نەکەوتووە بە تەواوی بیبینێت، لێرەدا مەهاباد لەگەڵ گێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکی ئەو عەشقە ناکامە ئەمیش هەست بە ئازارێکی قووڵ دەکات و دەست بە نووسینی شیعرەکەی دەکات و دوو کۆپلەی لێ ئاوێتەی ڕۆمانەکە کردووە:

**"ئەی پەری ژین،/ ئەی نازەنین/ توبی و خودای پاکی ئەوین/ بمگەیەنە وێستگەی تەنگی ڕۆژی دواییم/ بۆ لای عەشقی بێ سەرەتا و بێ کۆتاییم/ بۆ لای یارم،/ چونکە گومان دەکەم لەوێ/ لەسەر بەرماڵی عەشقێکی پاك دەخەوێ.**

**ئەی پەری ژین! بێ ئەو ئۆقرەی نییە گیانم/ بهێڵە با کراسی جەستەم فڕێدەم/ دوای خەڵوەتی نوێژ و نزا/ لە باوەشی خۆمی بنێم،/ دڵمی وێدەم.**

**ئەی پەری ژین!/ لەوەتی ئەوم لێ ونە،/ هەروەکو شێت تاوێ دەگریم،/ تاوێ بەخۆم پێدەکەنم/ لەنێو بیابانی خەما/ چی دەبینم وا دەزانم ئەوە و خێرا ڕادەچەنم!/ توو بێ و خودا، ئەی پەری ژین/ بمکە هەڵم و با خۆر بۆ خۆی هەڵم بمژێ/ چیتر بەرگەی ژیان ناگرم/ ونبوونی یار/ وەك شاڵاوی ژەهری ئازار،/ بە ڕووی دەروونم دەپرژێ!/ گشت چرکەیەك ئەم تاڵاوی حەسرەتانە/ بە بەردەمی دڵی وێڵما/ بە بەردەمی نیگای لێڵما،/ دێ و دەمکوژێ!/ دێ و دەمکوژێ!"** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٨ – ١٩).

ئەمە سەرەتای شیعرەکەیە کە مەهاباد دڵنیا نییە لەوەی کە ئایا بە تەواوی گوزارشت لە ئازارەکانی ئاتیلا دەکات یان نا؟ هۆی ئەم دوو دڵییەشی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بەلایەوە ئازار و حەسرەتەکانی ئاتیلا بە چەندین داستان و هۆنراوە تەواونابن. لێرەدا مەهاباد وەکو زمانحاڵی ئاتیلا، باس لە دۆخی شێواو و دەروونی هەڵقرچاو و تێکشکانی یەکجارەکی تەواوی ژیانی دەکات، بۆیە ئاوات بە مردن دەخوازێت و تکا لە فریشتەی ژین دەکات کە دەستبەرداری بێت و گیانی لەو زیندانی جەستەیەی ڕزگاری بێت و لە جیهانی دوای مردندا بگات بە یارەکەی و هەر هیچ نەبێ لەوێ دڵی خۆی پێشکەش

بکات و بە یەك بگەن. چونکە لەم جیهانە بە یەك نەگەیشتن و لێك دابڕان، بۆیە هەموو چرکەیەکی ژیان بەبێ ئەو وەکو ژەهری مارە و وردە وردە دەیکوژێت.

لە نموونەکەی تردا کە مەهاباد لێرە ئاوێتەی دەقەی کردووە و جەخت لەسەر ڕاڕایی و نیگەرانی خۆی دەکاتەوە کە هەرچەندە دەنووسێت، ترسی ئەوەی هەیە کە نەتوانێت بە تەواوی گوزارشت لەو ئازارەی ئاتیلا بکات. لەم نموونەیەشدا کە کەمێك درێژترە لەوی پێشتر، مەهاباد لەسەر زاری ئاتلا و بە خەیاڵی ئاتیلا وەسفی خەیاڵ و خۆشەویستیی دەکات و بە سەرچاوەی ئیلهامی شیعر و هونەری دادەنێت. لەبەر درێژی نموونەکە تەنیا چەند دێڕێکی لێ وەردەگرین:

**"کێ دەیزانی ئەندێشەی سادە و گەشی من/ دەبێتە دەریایەکی وا پڕ گێژەن و قووڵ و بێ بن/ خۆشەویستی چەند جوانە، چەند داهێنەرە/ پەیامی پەمەیی خوایە، سروشی شیعر و هونەرە/ بۆکرووزی ئاگرێکی شاڵاوبەرە ئەوینەکەم/ ئێستا مشتێ خاکستەرە دڵە پڕ لە برینەکەم/ ڕاوەستابووم لەبەر ڕێژنەی گڕی بارانی ناخی تۆ/ دەمگوت گیانە شیرینەکەم، بۆ یەك دەبین دە خەم مەخۆ/ دەمگوت پەپولەی ئاواتم، نە زریان، نە شاڵاوی قین/ ناتوانن دوورمان خەنەوە لە یەکتری و بۆ یەك ئەبین/ مەرج نییە لەسەر زەمین بێت ئەو گەیشتن بە تۆیە/ گرنگ ئەوەیە ڕۆحم بووە ئەو پشکۆیە/ (...) تۆش بێ دەنگ مەبە، لە هەر کوێی بانگم بکە تا دەتوانی/ با بتدۆزێتەوە گیانم، بزانێ لە کوێ پەنهانی/ گوڵم فاتم، دڵم فاتم، زیاتر مەڕۆ، ئەوە منیش بۆ لات هاتم/ موبتەلاتم، هەمووکاتم، بە گیان و بە دڵ لە لاتم."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٩ – ٢٠).

لە ڕاستیدا، سەبارەت بە کات و شوێنی ئاوێتەکردنەکەدا، مەهاباد تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووبووە لە مەزراندنی نموونە شیعرییەکان و پرۆسەی گێڕانەوەکەی پێ بردووەتە پێشەوە و لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندی کردووە. بەڵام سەبارەت بە ئاستی شیعرەکە جیاوازییەك لە هەردوو نموونەکەدا بەدی دەکرێت. خوێنەر هەستدەکات سەرەتاکە باشترە و کەمتر زۆر لە خۆکردنی پێوە دیارە، بەڵام لە نموونەی دووەمدا ڕیتمی شیعرەکە زۆر ڕەکیکە لەبەر دڵان نییە و زۆربەی دەربڕینە زمانییەکان لە ڕستەی ئاسایی ڕۆژانەوە نزیکترە تاوەکو شیعر. ئەمەش بە بڕوای ئێمە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە. یەکەم؛ کەم ئەزموونی شاعیر لەو سەردەمەدا کە لەسەرەتای کاروانی ئەدەبیی خۆیدا بووە. دووەمیش کە زۆر گرنگترە، ئەوەیە کە ئەم شیعرە لەسەر داخوازی نووسراوە، واتە بە تەکلیف بووە، شاعیر خۆی لە خۆیەوە نەهەژاوە و دەستی بۆ قەڵەم نەبردووە، بەڵکو لەسەر داوای ئاتیلا بووە کە پێشتر مەهاباد خۆی بەشێکی چیرۆکەکەی بیستووە و خزمایەتیشی لەگەڵدا هەبووە، بۆیە هەر دەقێکی ئەدەبیی کە بە تەکلیف و داواکاریی بنووسرێت، بە دڵنیاییەوە ئەو تام و چێژەی نابێت کە نووسەر خۆی بە دڵی خۆی بینووسێت. بەڵام لە بەشی نۆزدەدا کە بە ناونیشانی (دۆزەخێك لە عەرعەر)دایە، شیعرێکی بە قاڵبی ستوونی (کێشدار و سەروادار)ی تێکەڵکردووە بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، هەم کات و هەمیش شێوە و تەکنیکی مەزراندنەکە لێهاتوویی نووسەر پیشاندەدات. نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی خەونێکەوە کە فاتم لە زیندانەکانی عەرعەردا دەیبینێت، هیوایەك بە فاتم ببەخشێت، کاتێك خەون بە ئاتیلاوە دەبینێت کە لەناو گوندێکدا کەوتووەتە ناو دۆڵێکەوە، پیاسە دەکات. لەو خەونەی فاتمدا، ئاتیلا زۆر ماندوو و بێ تاقەتە و ڕیشێکی درێژ، چاوبەفرمێسکە، لەژێر سێبەری دار هەنارێك دادەنیشێت و دەستدەکات بە گۆرانی وتن، گۆرانییەکی زۆر خەمناك کە بە تەواوی گوزارشت لە حاڵی خۆی دەکات کە چۆن لە پێناو عەشقی فاتم بووە بە سۆفی و بەردەوام نوێژدەکات و چاوەڕێی گەڕانەوەی فاتمە. هەرچەندە نووسەر ئاماژە بەوە ناکات کە شیعری ئەم گۆرانییە هی کێیە؟ بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە هی نووسەر خۆیەتی و لەسەر زاری ئاتیلا چڕیویەتی. چونکە ئاتیلا لەگەڵ ئەوەی مرۆڤێکی هەست ناسکە، بەڵام هەرگیز ئەو توانا ئەدەبییەی نەبووە شیعرێکی وەها بهۆنێتەوە. لەبەر درێژیی شیعرەکە هەرچەند دێڕێکی کەمی لێ وەردەگرین بە نموونە:

**لە زیادبووندایە ئێشی دڵ، برینداری شێخ زادەیە**
**من تامەزرۆی بەحری عەشقم لە چاوانی فاتیمەیە**
**چەرخی ڕۆژگار، پیسیی بەعس، ئاوارەی ئێرانی کردم**
**بێ گوناهم، مەکەن لۆمەم، بە نیگای چاو، دڵی بردم**
**کافرێك بووم فێری کردم کەوا چۆن ڕووکەمە مزگەوت**
**ئەو لە عەرعەر، من لە دزڵی، وا گڕم گرت هەروەکو نەوت**

تا دەڵێت:

**چونکە ناوت تاجی سەرە، خوێنی دڵە، خەم ڕەوێنە**
**دە ئەی تریفەی مانگەشەو، لە گەرمیانۆ خەبەر بێنە**
**بڵێ دکتۆر، ئەی دێوانە، ئەی سووتاوی رووی زەمانە**
**وا فاتمە بۆ گەرمیان هات، دووبارە تەشریفی هێنا**

تا دەڵێت:

**ئەوانەی من دەیڵێم خوایە، ئەترسم هەر خەیاڵ بێ و بەس**
**کافرێ لێکی دابڕیوین، مەحاڵە ڕەحم کا بە کەس**
**دەسا برین هەتا دێ زیاد دەکا و لێی ئەچێ زوخاو**
**عەرعەر و دزڵی قەفەزن بۆ دوو دڵی عاشق و داماو** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٧٢)

لەگەڵ کۆتایی گۆرانییەکە، فاتمیش بە دەم ناوهێنانی ئاتیلاوە لە خەو ڕادەبێ. ئەم خەونە بۆ فاتم نیشانەیەکی مژدەبەخشە و هەروەکو نامەیەك لە ڕۆحی ئاتیلاوە بۆ ئەم هاتبێت، بۆیە دەگات بەو بڕوایەی کە ئاتیلا شەهید نەبووە و تا ئێستا لە ژیاندا ماوە و ئاگای لە ژیانی ئەمیشە کە لە عەرعەردا دیلە.

### 3. چوونانەیەك لەگەڵ گەشتنامەدا:

گەشتنامە یان سەفەرنامە، "بۆچوونی نووسەرە سەبارەت بەو گەشتانەی لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەیانکات و وەسفی هەموو ئەو داب و نەریت و هەڵسوکەوت و ڕەوشتە دەکات کە دەیانبینێت، هەروەها تۆمارکردنی ئەو دیمەنە سروشتییانەی کە دەیانبینێت. یان قۆناغ بە قۆناغ گەشتەکەی

دەگێڕێتەوە" (وهبة و المهندس، 1984، 17). واتە، گێڕانەوە بنەمایەکی سەرەکی گەشتنامەیە و وەکو هەر دەقێکی گێڕانەوەییش گێڕانەوە و وەسف لەخۆدەگرێت. بەپێی ئەم پێناسەیە، شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە مەبەستی خوێندن و حەج و زۆرجاریش دەربەدەریی گەشتی زۆریان کردووە، بەڵام هیچ یەکێکیان ئەو سەفەر و گەشتانەی خۆیان نەنووسیوەتەوە. بۆیە ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا تەنیا دوو دەق گەشتنامەمان هەیە، ئەوانیش گەشتی (نالی)یە بۆ حەج، واتە گەشتێکی ئاینییە و بە شیعر نووسراوەتەوە، کەم تا زۆر لە خەیاڵی خۆیدا وەسفی ئەو شار و وڵاتە دەکات کە گۆڕی پێغەمبەری لێیە. لە سەرەتای قەسیدەکەیدا نالی دەڵێت:

**ئەی ساکینی ڕیازی مەدینەی منەووەرە**

**لوتفێ بکە بفەرموو مەدینەی منە و وەرە** (دیوانی نالی، ل٤١٥)

هەروەها گەشتێکی ڕاستەقینەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (ڕەئوف بێگەرد) بۆ وڵاتی هۆڵەندا بە مەبەستی گەشتیاریی و سەردانکردن، دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی هەمووی نووسیوەتەوە و لە کتێبێکدا بە ناوی (بەرەو کەناری شیرزەیی) چاپی کردووە. هەرچی گەشتنامەکانی ترە کە ژمارەیان زۆر کەمە و تەنانەت ناگات بە پەنجەکانی دەستیش، ئەوا بە شیعر نووسراونەتەوە وەکو (گەشت لە هەوارمان و قەرەداغ)ی گۆرانی شاعیر کە گەشتێکە بە مەبەستی گەشتیاریی ئەنجامدراوە. ئەم گەشتەی لێرەدا بابەتی ئێمەیە و ئاوێتەی ڕۆمانەکە کراوە، وەکو گەشتەکەی گۆران گەشتێکی ناوخۆییە، واتە هەر لە ناوەوەی وڵاتە و بگرە لە سنوورێکی جوگرافیی بەرتەسکە. بەڵام گەشتێکی زۆرەملێییە و بە ئارەزووی کارەکتەرەکە خۆی نییە، بەڵکو گەشتێکی سیاسییە و بە ناچاریی شارەکەی خۆی (کفری) لە دەست ڕژێمی بەعس جێدەهێڵێت و ڕوو لە ناوچە ئازادکراوەکان دەکات کە لە ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگەدان و بە دیاریکراویش ڕوو لە گوندی (بنەکە) دەکات کە زێدی دایکێتی.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانی فاتیلا، ژیاننامەی تایبەتیی (دکتۆر ئاتیلا)یە و هەر لەو ژیاننامەیەدا باسی ئەو گەشتەی کردووە. مەهابادیش ئەو گەشتەی بە شێوەیەکی هونەریی جوان ئاوێتەی ڕۆمانەکە کردووە و بەشی پێنجەم و شەشەمی ڕۆمانەکەی بۆ ئەم گەشتە تەرخان کردووە.

نووسەر بەشی پێنجەمی بە ناونیشانی (بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان)ەوە تایبەتکردووە بۆ دەستپێکردنی گەشتەکەی ئاتیلا کە پێشتر پلانی بۆ داناوە و لە کۆتا ئێوارەی لە کفری ڕوودەکاتە یانەی ئێواران و داوا لە عەباس جەیرانی هاوڕێی دەکات کە پێکەوە بچن بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، هەرچەندە عەباس دوودڵە لەو چوونە دەرەوەیە چونکە پێشتر لەناو شۆڕش بووە و هاتووتەوە ناو ڕژێم و دەمانچە و نارنجۆکێکی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە و ترسی ئەوەی هەیە شۆڕش سزای بدات، بەڵام ئاتیلا بەڵێنی پێدەدات کە دەمانچەیەك و نارنجۆکێك دەکرن دەیدەنەوە بە شۆڕش و گیانی ڕزگاردەکات، ئەویش ڕازی دەبێت و بڕیاردەدەن پێکەوە بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان بڕۆن. دوای تەواوکردنی هەموو ئامادەکارییەکان و دابینکردنی دەرمانێکی زۆر بۆ پێشمەرگە، ئێوارەیەك ماڵئاوایی لە دایکی دەکات و بەڕێدەکەوێت.

**"دوو کوڕی گەنج بە ماتۆڕەوە و بەم هەموو جانتایەوە دەبوونە جێگەی گومان گەر بە ڕێگەی ئاسایی و جادەدا بڕۆن، ئەگەرچی شەویش بێت، بۆیە ڕێگەی تریان گرتە بەر بۆ ئەوەی خۆیان لە خاڵەکانی پشکنینی ڕژێمی بەعس ببوێرن"** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ٤٥).

یەکەم وێستگەیان کە بەنیازن بۆی بڕۆن، گوندی (گۆپان عارەب) بوو تاکو لەوێ ماتۆڕەکە بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکەی کە ناسیاوێکی عەباس جەیرانە، بەڵام لەبەر نەشارەزایی شەودا، زەحمەتییەکی زۆر دەبینن هەتا ڕێگەی ڕاست بدۆزنەوە و بگەنە جێگای مەبەست، لەوێش هەر شەوێك دەمێننەوە و بەیانی زوو لە ترسی جاش و سەرباز ئەوێش جێدەهێڵن و بە پێ ڕوو دەکەنە گوندی ئۆمەربل، دەمەو عەسر دەگەنە ئۆمەربل.

**"هەروا بە هەڕەمەکی لە دەرگەی ماڵێکیان دا و بوون بە میوانیان. خواردنیان بۆ دانان و ئەم ئەوەندە ماندوو بوو هەر لە جێی خۆی خەوی لێ کەوت. خەونێکی هێندە قووڵ و بێباکانە لێی خەوتبوو کە تا چوار کاتژمێر بەخەبەر نەهاتەوە. جگە لە نامدووبوونی چەند کاتژمێرێکی ڕێگا، کاریگەری ماددەی هۆشبەر خستبوویە ئەو خەوە قووڵەوە. کە بە ئاگا هاتەوە بینی جێگاکەی عەباس نەماوە و عەباس دیار نییە. لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و لە خاوەنماڵەکەی پرسی، زۆر نیگەران بوو کە پێیان گووت دوو کاتژمێر دەبێ پێشمەرگە هاتوون و عەباسیان بردووە."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ٤٩)

لێرەدا بەشی پێنجەم تەواودەبێت و بەشی شەشەم دەستپێدەکات بە ناونیشانی (بنەکە بوو بە بنکەی ژیانی). ئیتر لێرەوە بە تەنیا و بە کۆمەڵێك نیگەرانییەوە، بە پێ بەڕێدەکەوێت بەرەو بنەکە **"ماوەیەك بێ پەروا ڕۆیشتبوو هەر کەسی نەهاتەڕێ پرسیارێکی لێ بکات و نەیدەزانی تەواو هاتووە یان ڕێی وێڵ کردووە."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ٥١). دوای ماوەیەك دەگات بە زەلامێك لەژێر کەپرێك و نانێك دەخوات و لەوێشەوە لەسەر ڕێنمایی ئەو زەلامە بەڕێدەکەوێت بۆ بنەکە. شەو دەگاتە دێی (حەمەی مارف) و ئەو شەوە لەوێ دەمێنێتەوە. بەیانی دیسان بە تەنیا دەست بە گەشتەکەی دەکات و دوای ماوەیەك ڕۆیشتن بە پێ، تووشی تراکتۆرێك دەبێت و لەگەڵیدا سواردەبێت، خۆشبەختانە سایەقی تراکتۆر خەڵکی بنەکەیە و لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ بنەکە و بە سەلامەتی دەیگەیەنێت بۆ ناو خزم و کەسوکارەکانی دایکی. بەم شێوەیە گەشت و سەفەرە هات و نەهاتەکەی کۆتایی دێت و بە یەکجاری لە بنەکە دەگیرسێتەوە. گەشتەکەی ئاتیلا سێ شەو و ڕۆژی خایاندووە و بەپێی توانا هەوڵدەدات باسی ڕێگا و نەهامەتیی گرفتەکانی سەفەرەکەی بکات، هەر لە ڕێ ونکردن و خۆ پاراستن لە مۆڵگەی دوژمن و سوپا و جاش، هەروەها پیشاندانی ڕۆحی هاوکاری و میواندۆستیی و خانەدانی خەڵکی گوندەکات کە میوان زۆر بە متمانە و دڵنیاییەوە ڕوویان تێدەکەن و ئەوانیش خزمەت و هاوکارییان دەکەن. ئەم گەشتە خاڵی وەرچەرخانی ژیانی ئاتیلایە، چونکە ئیتر لە ڕژێمی بەعس ڕزگاری بووە و لە بنەکە جێگیر بووە، لە بنەکەش کە بە هۆی عەشقی فاتمەوە، سەرلەبەری ژیانی ئاوەژوو دەبێتەوە و دەبێت بە ئاتیلایەکی تر کە تەنانەت هاوڕێکانی تووشی شۆك دەبن.

**4. چوونانەیەك لەگەڵ ڕۆژانە یاداشتدا:**

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، کەرەسەی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە ژیاننامەی تایبەتیی ئاتیلا خۆیەتی. بەڵام سەرباری ئەو ژیاننامەیە، ئاتیلا کە لە دوای ئەنفال لە ئێران بووە، بەر لە ڕاپەڕین و بە دیاریکراویش لە کاتی شەڕی ڕزگارکردنی کوێت لە لایەن هاوپەیمانانەوە، ڕۆژانە زۆر بە خێرایی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی شەڕەکە و ڕاپەڕینی گەلی کوردستان و پاشان کۆڕەو و گەڕانەوە بۆ کوردستانی تۆمارکردووە. ڕووداوی هەر ڕۆژێکی لە چەند دێڕێك نووسیوەتەوە. ئەگەرچی مەهاباد قەرەداغی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە ئەم ڕۆژانە یاداشتانەی چۆن و لە کێ وەرگرتووە، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئاتیلا خۆی لەگەڵ ژیانە

تایبەتییەکەی داویەتی بە مەهاباد. ئەویش لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، لە کات و شوێنی خۆیدا تێهەڵکێشی کردووە و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی پێ دەوڵەمەندکردووە. ئەگەرچی هەر وەکو خۆی و لە سەر زاری ئاتیلا داینەوەتەوە.

نووسەر بەشی بیست یەکەمی ڕۆمانەکەی بە ناوی (دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین) بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕۆژانە یادداشتانە تەرخانکردووە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە. نووسەر لەسەر زاری ئاتیلاوە ڕووداوەکانی مانگی یەك تا مانگی هەشتی ساڵی (١٩٩١)ی زۆر بەخێرایی و بە کورتی باسکردووە، بەمەش پرۆسەی گێڕانەوەکەی خێراکردووە و نایەوێت خوێنەر زۆر لە چاوەڕوانییدا بهێڵێتەوە و لە باسکردنی ڕووداوی لاوەکییدا خۆی پاراستووە. لەبەر زۆری نموونەکان بۆ هەر مانگێك چەند ڕووداوێکی کورت دەخەینەڕوو:

**"بیست و دووی کانوونی دووەم: لەگەڵ هەندێ هاوڕێ چووین بۆ سەقز.**

**بیست و سێی کانوونی دووەم: سەقزمان بەجێهێشت و هاتینە بانە.**

**بیست و حەوتی کانوونی دووەم: لە چێوەرەین. ئێران کۆمەکی مرۆیی گەیاندە خەڵکی عێراق، عێراق موشەکی (٥١)ی بەکارهێنا، تا ئێستا هاوپەیمانان ٢٢٠٠ هێرشی کردۆتە سەر ئامانجە سوپاییەکان لە عێراق.**

**بیست و نۆی کانوونی دووەم: لە چێوەرەین، ئەمشەو خەوێکم بینی، لە خەوما شیرینییەکی زۆرم کڕیوە و لەگەڵ مام ڕۆستەم پێکەوە سەفەرمان کردووە. خوا بەخێری بگێڕێت."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٨٤)

**"پانزەی شوبات: داوا لە عێراق کرا بکشێتەوە، بەڵام عێراق ڕەتی کردەوە. ئومێدێکی زۆر بۆ ئێمە دروست بووە. برادەرانی ئێمە پارتیزانەکان لە نزیك شارەکانەوە لە ئامادەباشیدان. لە پاش هەموو تاریکییەکی شەو هەڵهاتنی خۆر هەیە، بۆیە مرۆڤ نابێت بێ ئومێد بێت. خوای گەورە بیکردایە فاتمیش ئازادبوایە و بە یەکتر شادبووینایەتەوە. ئاخ فاتم گیان چەند بیرت دەکەم.**

**بیست و شەشی شوبات: سوپای عێراق بەزی و لە کوەیت بەدەرنرا. ئای چەند دڵخۆشین بەم بەزم و شکستەی ئەو سوپا داگیرکەر و تاوانبارە. فاتم گیان ئەوە خوا تۆڵەی ئێمەی لەو خوێنمژانە کردەوە. فاتم گیان لای خوا کونفەیەکوونێکە و دەشێ ئێمەش بەیەکتر بگەینەوە. چەند قووڵ بیرت دەکەم، چەندم خۆش دەوێی ئازیزەکەم."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٨٥ – ١٨٦)

**"پێنجی ئازار: هەواڵی خۆش گەیشت، ئێستگەکەمان بە دەنگی زوڵاڵەوە موژدەی سەرکەوتنی ڕاگەیاند. ڕاپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد، پێشمەرگە و گەل شاری ڕانیەیان ئازاد کردووە لە دەستی دوژمن.**

**حەوتی ئازار: بەسەرپەرشتی مام ڕۆستەم لە چێوەرەوە سەعات چواری بەیانی کەوتینەڕێ بەرەو شاری سلێمانی. بە گوریس لە بەربەستە ئاوەکە پەڕینەوە. برادەرانی ترمان لە دوێنێ شەوەوە لەوێ بوون و ئەمڕۆ لە سلێمانی ڕاپەڕینە و ئازاد دەکرێت."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٨٦)

بەم شێوەیە لە یاداشتکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژدا بەردەوامدەبێت هەتا دەگات بە مانگی ئاب و خەریکن خۆ ئامادەکردنن بۆ سازدانی ئاهەنگێك:

**"یەکی ئاب: ئێستا لە سەرتەکم لە بارەگای پێشمەرگە. برادەران خەریکی ئامادەکارین بۆ سازدانی ئاهەنگێکی هونەری و فیستیڤاڵێکی ئەدەبی و بڕیارە چەند ڕۆژێك بخایەنێت.**

**هەشتی ئاب: ئەمڕۆ فیستیڤاڵەکە دەستی پێکرد."** (قەرەداغی، ٢٠١٦، ١٩٣)

بەم شێوەیە دەستپێکردنی فیستیڤاڵەکە دواهەمین ڕووداوێکە یاداشتیکردووە و لێرەشدا ئیتر ئەم بەشەی ڕۆمانەکەش کۆتایی دێت.

## ئەنجامەکان

1. بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە، نووسەر کەرەستەیەکی باشی لەبەردەستدا بووە، وەکو ژیاننامەی تایبەتی و ڕۆژانە یاداشتەکانی خودی دکتۆر ئاتیلا، جگە لە کۆمەڵێك زانیاری کە لە قۆناغی دوای ئەنفال و پارتیزانییدا لە هاوڕێکانی وەریگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا زانیاری وردتر و زۆرتر لەبارەی ژیانی منداڵی و گەنجی دکتۆر ئاتیلا پەیدا بکات. ئەمەش بۆ نووسەر کارێکی قورس نەبووە، چونکە خۆی خزمی ئاتیلایە و لەو کاتەدا دایکی ئاتیلا لە ژیاندا بووە و خوشکەکانیشی ماون.
2. نووسەر سەرکەوتوو بووە لە زەمینە خۆشکردن و ئامادەکردنی زەینی خوێنەر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و خۆیشی وەکو کارەکتەری هەمانشتزان بەشداربووە، بەمەش خوێنەری تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووداوەکان و هەستکردن پێیان نزیککردووەتەوە.
3. نووسەر توانیویەتی بابەتی ژیاننامەکە لە ژیاننامەی تایبەتییەوە بکات بە ژیاننامەی بابەتی، ئەمەش لە ڕێگای گۆڕینی جێناوی قسەکەر بۆ جێناوی سێیەم.
4. وەکو پرۆسەی ئاوێتەکردنی ژانرەکان، ئەم ڕۆمانە توانیویەتی چەندین ژانری تر لەخۆی بگرێت و فەزایەکی دەوڵەمەند دروستبکات، وەکو (دراما، شیعر، گەشتنامە، ڕۆژانە یاداشت).
5. بەڵام وەکو تەکنیك و زمانیش، بە تایبەتییش زمانی گێڕانەوە، تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو نەبووە، چونکە دەکرا ئەو کەرەستەیەی کە لەبەردەستدا بووە، بە زمانێکی باڵاتر و خەیاڵێکی فراوانتر بگێڕێتەوە. چونکە ئێستا خوێنەر بە ئاشکرا و بە سانایی هەست بەوە دەکات زۆربەی گفتوگۆکان هەر قسەی دەقاودەقی ئاتیلا خۆیەتی و نووسەر تەنیا گواستوویەتییەوە. بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا فانتازیایەکی جوانی دروستکردووە بەوەی کە شەهیدبوونی دکتۆر ئاتیلا و فاتمی خستووەتە یەك سات و وای پیشانداوە کە ئاگایان لە شەهیدبوونی یەکتر هەیە، چونکە بە هۆی گەورەیی و پیرۆزی و ڕاستگۆیی عەشقیان بۆ یەکتری، دووری مەوداکان، ڕۆحیانی لێك دوور نەخستووەتەوە.

## سەرچاوەکان


1. سەعید، جەلال ئەنوەر (د) (٢٠١٣)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووا (١٩٩١ – ٢٠٠٣)، چ١، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەماڵ، سلێمانی.
2. قەرەداغی، مەهاباد (٢٠١٦)، فاتیلا، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك.
3. نالی، دیوان (١٣٦٤)، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پیاچوونەوەی: محمدی مەلا کریم، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی، ارومیە.
4. حمداوي، جميل (2015)، نظرية الاجناس الادبية – نحو تصور جديد للجنس الادبي، د. ط، افريقيا الشرق، الدار البيضاء.

5. الساعدي، خالد سهر محي (٢٠٠٦)، قصص الحيوان جنسا أدبيا، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة المستنصرية.
6. سالم، هيثم عباس و السعيدي، عبدالكريم خضير (٢٠٠٦)، نظرية الاجناس الادبية – دراسة تاريخية تحليلية، مجلة جامعة ذي قار، ع. (3)، م. (2)، ذي قار.
7. ستالونى، إيف (٢٠١٤)، الاجناس الادبية، ترجمة: محمد الزكراوي، مراجعة: حسن حمزة، ط1، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
8. العشماوي، محمد زكي (1994)، قضايا النقد الادبي بين القديم و الحديث، دار الشروق، ط1، بيروت، ص3. نقلا عن: غوادرة، د. فيصل حسين طحيمر (2009)، تداخل الادب مع الفنون الاخرى، في حداد، نبيل (ا. د) و درابسة، محمود (ا. د)، تداخل الانواع الادبية – مؤتمر النقد الدولي الثاني عشر 22 – 24 تموز 2008، المجلد الثاني، عالم الكتب الحديث، عمان – الاردن.
9. فوغالي، باديس (د) (2009)، السرد الروائي و تداخل الانواع – رواية (جسر للبوح و آخر للحنين) لزهور ونيسي نموذجا، في حداد، نبيل (ا. د) و درابسة، محمود (ا. د)، تداخل الانواع الادبية – مؤتمر النقد الدولي الثاني عشر 22 – 24 تموز 2008، المجلد الاول، عالم الكتب الحديث، عمان – الاردن.
10. القاضي، محمد (1998)، الخبر في الادب العربي – دراسة في السردية العربية، ط1، منشورات كلية الاداب، تونس – دار الغرب الاسلامي، بيروت.
11. قديد، دياب (أ. د.) (٢٠٠٩)، تداخل الاجناس الادبية في الرواية الجزائرية المعاصرة – الكتابة ضد أجنسة الادب، في حداد، نبيل (ا. د) و درابسة، محمود (ا. د)، تداخل الانواع الادبية – مؤتمر النقد الدولي الثاني عشر 22 – 24 تموز 2008، المجلد الاول، عالم الكتب الحديث، عمان – الاردن.
12. قسومة، الصادق (د) (2009)، الحوار – خلفياته و آلياته و قضاياه، ط1، مسكيلياني للنشر و التوزيع، زغوان – تونس.
13. مقلد، طه عبدالفتاح، (197٥)، الحوار في القصة و المسرحية و الاذاعة و التلفزيون، مكتبة الشباب، القاهرة.
14. وهبة، مجدي و المهندس، كامل (1984)، معجم المصطلحات العربية في اللغة و الادب، ج1، ط1، مكتبة لبنان، بيروت.
15. ويلك، رينيه و وارين، اوستن (١٩٧٢)، نظرية الادب، ترجمة: محيي الدين صبحي، مراجعة: الدكتور حسام الخطيب، د. ط، المجلس الاعلى لرعاية افنون و الاداب و العلوم الاجتماعية، د. م. ط.